پرسیار لە ئەنەس کرا دەربارەی چۆنیەتی قورئان خوێندنەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؟ ووتی: «وشەکانی درێژ دەکردەوە (بە مەد)

لە قەتادەوە دەڵێت: پرسیار لە ئەنەس کرا دەربارەی چۆنیەتی قورئان خوێندنەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؟ ووتی: «وشەکانی درێژ دەکردەوە (بە مەد)». پاشان {بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} [الفاتحة: 1]ی دەخوێند، (بِسْمِ اللَّهِ) و (الرَّحْمَنِ) وَ (الرَّحِيمِ)ی درێژ دەکردەوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پرسیار کرا لە ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت-: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چۆن قورئانی دەخوێندەوە؟ فەرمووی: دەنگی لە خوێندنەوەدا درێژ دەکردەوە؛ (ا:ئەلیف) ی درێژ دەکردەوە لە پاش (ل:لام) و لە پێش (هـ:هائ) لە وشەی (الله)، و دیسانەوە (ا:ئەلیف) ی درێژ دەکردەوە لەپاش (م:میم)ی و لە پێش (ن:نون) لە وشەی (الرحمن)، و (ی:یائی) درێژ دەکردەوە لە پاش (ح:حائ) و لە پێش (م:میم) لە وشەی (الرحيم).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65245